www.gep-media.com

E: gepgovar@yahoo.com

Tel: 0750 704 3082

گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە

ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١

لە دەستمان دەرچوو

متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێداوە



ژمارە

116

ساڵی شەشەم ٢٠١٠/٩/٢٥

بەکاتی: بە فلیم بوونی تەشکیلی حکومەت




## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە ژووری نوستنی حکومەتی عێراقییەوە لە بەغداد ئەم خەبەرە عاجیل و سەرسوڕهێنەرەی بە تیروکەوان بۆ هاویشتین: گوایە یەک لە ئەندامانی پەرلەمان بەو پەڕی عەسەبییەتەوە وتویەتی: ئەگەر تا کۆتایی ئەم مانگە سەرۆکی وەزیران دەستبەکار نەبێ، غەسبەن لەسەر لووتی خەڵک هەڵبژاردن وەک عەوازە دووبارە ئەکەینەوە! بۆ تۆمارکردنی ناوەکانتان سەردانی پاشماوەی خەبەر عاجیل بکەن.. ل٣٧



## دڕکبژێر



ئەم هێمانە هی چ جادەیەکن؟ ل4




تۆ بڵێی ڕێکەوتبن؟ ل11




بەشکم خوایە، بە قسەی بکەن؟ ل20


**خاوەنی ئیمتیاز**

**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**

**محەمەد قادر**

sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**

**سەردار کێستەیی**

serdar_kesteyi@yahoo.com

**دەستەی نووسەران**

ڕەوف حەسەن

حسن العانی

ڕێبوار ئدریس

نەجات حەمید

سالار حەسەن

کەژاڵ ئیسماعیل

کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**

عەلی مەندەلاوی — عەلی دەروێش

خضیر الحمیری — سەردار کێستەیی

پەروەر — سالم سەلیم

سۆران کوردپوور — ئەحمەد مەندەلاوی

ڕۆستەم زادە (نامۆ) — ئاراس باڵاتەیی

سەید مەحمود موکری — ئارام کەلاری

زێرەڤان ساڵح — سەرتیپ فەتاح

سەربەست ئەفەندی

**نووسەرانی بەشداربوو**

ئەحە نۆکە — بەختیار حەسەن

ڕەفعەت کەرکوکی — شوان غەمبار

کاروان فەتحی

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی – هەولێر

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**

**ڕزگار فەقێ عەوڵ**

rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**

**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**

ڕێباز نەجات

**دیزاین**

چیار ئەحمەد

دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**

هێمن نەجات


هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کڕینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات

٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣




نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت

تیراژ: ٤٠٠٠ دانە

سەروتار




## بە مەزەندە



- بە مەزەندەی فالچیی موغناتیسچی و خوێنەرانی ناو لەپی دەست، چاوەڕوان دەکرێت هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی عیراقی تا خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکان هەر تەقو وڕیانبێ...
- بە مەزەندەی خەبیرەکانی ئەسەف و پەشیمانبوونەوە، پاش ئەوەی هەرچی سوێندو وەعدو وعودی عیراقییەکان هەیە سیقەی درۆیەکی نیسانی نەماوە، پێشبینی دەکرێت بۆ گەرانەوەی سیقە مۆرێکی تایبەت بە تەڵاقیان بۆ درووست بکرێت، ئەویش ئەگەر بە کەوتنەوە نەیکوتن ..
- بە مەزەندەی عەرەبچییەکانی بواری قسەی زلی و بە بۆچوونی دڵسۆزە فشەکەرەکانی بواری درۆو دەلەسە، دوای ئەوەی هەتا ئێستا حکومەتی عراق لە کەرکووک بەردێکی نەخستووەتە سەر بەردێک، بەس بۆ ئەوەی لەکوردی بسەنێتەوە لەوانەیە ماوەیەکی تر بیکاتە ناحییەو عەگاڵ و دزداشەی تیا دروست بکرێت.
- بە مەزەندەی تاجرەکانی هەرزان و بەلاش بازارەکان، دوای ئەوەی لە مانگی رەمەزاندا ڕێژەی قازانج گەیشتە قەپات بوون، لەوانەیە ماوەیەکی دی بەعزە دوکانداریک یانزە مانگ بکەنە عوتلەو مانگێک دەوام!

## شاشەی tv یەکان

نووسینی: تالە tv

* لە شاشەی تەلەفزیۆنی پایتەخدا زۆر بە حەسرەتووە دانیشتبووم بە دیار یاری بەرشەلۆنەو ئەیسی میلانەوە، لەپڕ تەلەفزیۆنی پایتەخت بو بە کەناڵی ئاسمانی جەماوەر!

* لەژێرنووسێکی کەناڵی ئاسمانی سپیدەدا نوسرابوو: من قەزەمم دوعای خێرم بۆ بکەن بەرز ببم! فایرۆسی ژێرنووسە بێ ماناکانیش ئەوانیشی گرتەوە!

* لە بەرنامەی خەڵاتی ستەیج و لە شاشەی کەناڵی ئاسمانی کوردساتدا کچە پێشکەشکارەکە فەرمووی میوانێکی ترمان هەیە زۆر دەنگی خۆشەو لە هەمان کاتدا صەوتیشی خۆشە!! لەوانەیە ئەم بلیمەتە صەوت بە شتێکی تر تێبگات! بۆیە لە دەنگی جیا کردەوە!

* لە هەمان بەرنامەو هەمان شاشەو هەمان کچە پێشکەشکار فەرمووی: تەنها یەک فۆرت بنێرن بۆ ژمارە ١٧- ١٧ ئاسیا سێڵ لە جیاتی بلێیت یەک مەسیج بنێرن بۆ بردنەوەی سەیارەیەکی فۆرت!!






کەپە سیاسەت






سالار حەسەن

## نامەیەک لە قوتابیان و خوێندکارانەوە

بۆ سالی نوێی خوێندن
لە دوایین خەوی بەیانیانەوە
لە قەلەم جافی قوتابیانەوە
لە هەلپە هەلپی ناجیح بوونەوە
لە سەعی زۆرو چاو سوربوونەوە
نامەیەکی جوان پڕ عیلم و ئەدەب
پڕ لە پێشوازی هاتنەوەی مەکتەب
یاخوا بەخێر بێی سالی نوێی خوێندن
لەگەل سیستەمی تازەی فێرکردن
تەمەننا دەکەین دەست بە دوعاوە
وەک هینی حوشتر نەڕۆینە دواوە
سالێکی خۆش و پڕ لە زانست بیت
نەکەی وەک جاران حەپۆل و سست بیت
قوربانی واستەو بەرتیلمان نەکەی
ڕەنج بەخەسارو زەلیلمان نەکەی
لە دوای تەخەڕوج نەمانکەی موحتاج
بە دیبلۆمەوە نەبین بە هەلاج
ڕۆژانت پڕبێ لە موحازەرە
کچ و کوڕ نەچنە تەنیشت پەنجەرە
قوتابیش نمرەی باش بە دەست بێنی
دارو فەلاقەو قەصاص نەمێنێ
خوێندگاکانیش پاک و خاوێن بن
نەک دیوارەکان پڕ لە جوێن بن
مێزو تەختە رەش با تازەو جوان بێ
نەک توحفەی سالی پێش پەنجاکان بێ
قوتابیان غەمی دوارڕۆژیان بخۆن
نەبن بە هی پوپ یا مایکل جاکسۆن
سنورێک دانێن بۆ میکیاژ زۆری
با بەس بێ هاندو فلاش میمۆری
مامۆستاکانیش ویژدان بێنەکار
با داوای هەنگوین نەکەن لە خوێندکار
نێوانمان پڕکەیت لە رێزو قەدر
نە ئێمە قۆپییەو نە ئەوان غەدر








# تەعەجوب!

لەپارکی فامیلی فان بلیتێکی سواری سەیارەم کڕی بۆ منداڵەکەم، کەچی وتیان: مەمنوعە مناڵ سواربێت! تەنها بۆ منداڵە ڕیش سپیەکانە! تەلەفۆنم بۆ باپیرم کرد وتم با بلیتەکەم بەزایە نەچێت وەرە سواربە کرێکەت واسڵە!

لەشاری سلێمانی ئیسعافێک بەلورە لور بەخێراییەکی لەرادەبەدەر ڕۆیشتبوو، مرورێکی عاقلیش پێی تەعەجوبە خێرایی ئەم ئیسعافە عەقڵی نایبڕێ! بۆیە ڕایدەگرێ و دەبینێ کەبابی گەرمی پێیە بۆ دکتۆرو سستەرەکانی نەخۆشخانەی وانێک!

سەعاتم ڕاگرت بۆ گەنجێک بۆ ٥٤ دەقیقە لەناو مەسعەدەکانی (ماجدی مۆڵ) دا نەهاتە دەرەوە، هەر سەرو خواری بوو بۆ بۆ ئەوەی کچێک لەگەڵیا سواربێت، شوکر بۆخوا ئاواتەکەی نەهاتەدی! سمێڵ ڕیشۆڵەیەک چووە تەنیشتی!

لە پارکی شانەدەر گوێم لە ژنێک بوو بە مێردە بەستەزمانەکەی ئەوت: سەیری کچ بکەیت لەماڵەوە عاسمانت بە ملەوەنی پیشان ئەدەم،

